
## باسی یەکەم: سنوری جوگرافیای دەوڵەتی میدیا(ماد)[1]

بەبێ جوگرافیا مێژو بونی نییە، زیادەڕۆی نییە گەر بگوترێ گەورەترین فاکتەر لەدروستکردنی مێژودا، جوگرافیایە (ئەلخەلیل،٢٠١٣: ٢٧).

ناسینی جوگرافیای میدیا دەتوانرێت پانتاییەکی باشتر بۆ خوێندنەوەی مێژو و سیاسی ئەم ماوەی فەرمانڕەوایەتییە دروست بکات، لەسەرچاوە جیاوازە مێژوویی و شوێنەوارییەکانی میدیا، سنورێك بۆ دەوڵەتی میدیا دیاریکراوە کە بنەچەی سەرچاوە یۆنانییەکانە؛ لەکاتێکدا سنوری دەوڵەتی میدی لەپێش دروستبونی دەوڵەت جیاوازە لە سنوری دوای دروست بونی دەوڵەت و فراوانخوازییەکانیان(سایکس،١٣٥٥: ١٤٥).

### یەکەم: سنوری دەسەڵاتی میدیا لەپێش دامەزراندنی دەوڵەت

بە لێوردبونەوە بە سەرچاوەی ئاشوری و بەڵگە شوێنەوارییەکان، سنوری دەسەڵاتی میدی لەم ماوەیەدا لە ناوچەی کەنگاوەر(نزیك کرماشان) و هەمەدان بەرەولای ناوچەی ناوەندی ئێران درێژدەبویەوە، واتە لەباکورەوە بە (زنجیرە چیاکانی ئەلبورز) و لە باکوری ڕۆژئاوا بە (سنوری بیجار تا میانە) و لە ڕۆژئاواوە (تا ناوچەی کرماشان و باکوری لوڕستان) و لە باشوری ڕۆژئاوا (تا ناوچەی یەزد و فارس)، لە باشور و باشوری ڕۆژهەڵات (بە دەشتەکانی ناوەند) و لە باکوری ڕۆژهەڵات (تا ناوچەی دامغان) دەگەیشت، نەتەوەی میدی لەم ماوەدا لەگەڵ پاشایەتیماننا[2] و ئەلپی[3]و ویلایەتەکانی گیزل بوندا[4]و پارسوا[5]سنوری هاوبەشیان هەبوە (ملازادە و طاهری،١٣٩٤: ١٥١). بڕوانە نەخشەی ژمارە(١)




نەخشەی ژمارە(١)سەرچاوە: (ملازادە و طاهری،١٣٩٤: ١٥٥)

### دووەم: سنوری دەسەڵاتی میدیا لەپاش دامەزراندنی دەوڵەت و فراوانخوازیەکانی

دیاکۆنۆف لەکتێبی "مێژوی میدیا" سنوری نزیکی دەوڵەتەکەی لەوپەڕی فراوانخوازیدا بەم شێوەیە دیاریکردوە: ((میدیا بە واتای فراوان دێت سەرزەوییەکانی میدیا لە خۆرهەڵاتیەوە دەشتی کویر بوە "لەناوچەی خۆراسانی ئێستای ئێران"، لە باکوری خۆرهەڵاتییەوە لوتکەی شاخەکانی ئەلبورزی ئێستا لەباشوری دەریای قەزوین، لەباکورەوە ڕوباری ئەرکسس"ئاراسی ئێستا" و وڵاتی ئەرمەنستان، لەخۆرئاواوە دەوڵەتی ئاشور، لە باشوریشەوە سەرزەوییەکانی پارس و وڵاتی ئیلام بوە)) (١٣٩٠: ٨٣). بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢)

